پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر سەفەری بکردایە (پەنای بە خوای گەورە دەگرت) لە: (وَعْثاء السَّفَر، وكآبة الـمُنْقَلَب، والحَوْر بعد الكَوْن، ودعوة المظلوم، وسُوء الـمَنْظَر في الأهل والمال)

لە عبداللەی کوڕی سەرجیسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر سەفەری بکردایە (پەنای بە خوای گەورە دەگرت) لە: (وَعْثاء السَّفَر، وكآبة الـمُنْقَلَب، والحَوْر بعد الكَوْن، ودعوة المظلوم، وسُوء الـمَنْظَر في الأهل والمال)*» *(واتە: ناڕەحەتی سەفەر، وگەڕانەوە بە غەم وخەف بۆ لای خێزان، وگۆڕانی حاڵ وکاروبار لە خۆشی وزیادبوونەوە بۆ ناخۆشی وکەمبوون، ونزای ستەملێکراو، وتەماح وستەمی کەسی زاڵم لە خێزان وسامان)

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر سەفەری بکردایە؛ پەنای بە خوای گەورە دەگرت لە: قورسی وناڕەحەتی سەفەر، ولە گەڕانەوە لە سەفەرەکە بە غەم وخەفەت بۆ لای خێزان بەهۆی ئەوەی خۆی یان خێزانی تووشی ناخۆشی وناڕەحەتی بوون، وپەنای بە خوای گەورە گرت لە گۆڕانی حاڵ وکاروبار لە خۆشی وزیادبوونەوە بۆ ناخۆشی وکەمبوون، وداوای لە خوای گەورە کرد کە بیپارێزێت لە نزای ستەملێکراو، ولە تەماح وستەمی کەسی زاڵم لە خێزان وسامان. وئەگەر کەسێک سەفەری کرد باشتر وایە ئەم نزایە بخوێنێت بۆئەوەی خودا بیپارێزێت: (اللهم إني أعوذ بك مِن وَعْثاء السَّفَر، وكآبة الـمُنْقَلَب، والحَوْر بعد الكَوْن، ودعوة المظلوم، وسُوء الـمَنْظَر في الأهل والمال)

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5937